# کەرکوک و مۆدێلی برۆکسل

# ئایە مۆدێلی برۆکسل بە کاری کەرکوک دێ ؟

د.جەبار قادر

لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ جار باس لە مۆدێلی برۆکسل دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک. بەر لەوەی مرۆڤ بریار لە سەر ئەوە بدات ، ئایە ئەم مۆدێلە بەکەڵکی کەرکوک دێ یا نە ، پێویستی بە هەندێ زانیاری هەیە لە مەر بونیادی سیاسی دەوڵەتی فیدیرالی بەلجیکا و مۆدێلی برۆکسل . بێ ئەوەی بزانین ئەم مۆدێلە چۆن هاتۆتە کایەو و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و پێکهاتەکانی چین ، ئەستەمە بیکەین بە نمونە و بانگەشەی بۆ بکەین .

هەر لە دەسپێکەوە دەبێ ئاماژە بەو راستیە بکەین کە ئێمە لێرەدا باس لە دوو جیهان و دوو سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتوری جیاواز دەکەین . مۆدێلی برۆکسل لە کۆمەڵگەیەکی رۆژئاوایی دیموکراسی و پێشکەوتوودا و لە دەوڵەتی قانون و دابەشکردنی دەسەلاتەکان و گەشەکردنی ئابوری و خۆشگوزەرانیدا هاتۆتە کایەوە و بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویيە کە زیاتر لە یەک سەدەی تەواوی خایاندووە.

لە کاتێکدا کێشەی کەرکوک لە ولاتێکی وێران و بە دەستی دەسەلاتێکی زۆردار و یاخی لە قانون و لە سێبەری کولتوری تالان و لە کۆمەڵگەیەکی توندرەوی نەتەوەیی و ئاینی و مەزەبیدا هاتۆتە کایەوە . رەوتی مێژوویی و پێگەی جوگرافی و هەموو فاکتەرەکانی تری کێشەکان رۆڵیان کەم نیە لە شێوازەکانی چارەسەرەییاندا .

مافی خوێنەرە هەندێ زانیاری پێشکەش بکرێ لە مەر بەلجیکا و سیستەمە سیاسیەکەی و ئەوەی کە بە مۆدێلی برۆکسل نێو دەبرێ .

ژمارەی دانیشتوانی بەلجیکا نزیکەی یازدە ملیۆنە و رووبەرەکەشی (32.545) کم2 ، واتا رووبەری هەموو ولاتی بەلجیکا یەک جار و نیوی رووبەری پارێزگای کەرکوکە (19543 ) کم2 ( هەڵبەتە بەر لەوەی بەعس لەت و پەتی بکا و بە سەر پارێزگاکانی دەورو بەردا دابەشی بکا ) .

لەو یازدە ملیۆن دانیشتوانەی بەلجیکا (6.200.000 ) فلامن (هۆڵەندیزمان) ، کە (200.000 ) لە برۆکسلی پایەتەخت دەژێن ، و ( 4.000.000 ) والۆنن یا ڤالۆن (فەرەنسیزمان ) ، کە نزیکەی (800.000 ) لە برۆکسل دەژێن . گروپی سێیەمی دانیشتوانی ئەم ولاتە بە ئەڵمانی دەپەیڤن و نزیکی 000 71 کەسن . رێژەیەکی بچوکی دانیشتوانیش بیانین . ئەم گروپەی دوایی یا لە کۆلۆنیا ئەفریقاییەکانی بەلجیکاوە هاتوون ، یا خەڵکی ولاتانی تری ئەوروپا و رەمغریب و تورکیا و هەندێ ولاتی ترن بۆ کارکردن ، یا وەکو پەناهەندە روویان لە بەلجیکا کردووە .

دەبێ ئاماژە بەو راستیەش بکەم کە دانیشتوانی بەلجیکا بە پێچەوانەی خەڵکی عیراقەوە هەموو خۆیان بە بەلجیکی دەزانن . نە هۆڵەندیزمانەکان خۆیان بەهۆڵەندی دەزانن و نە فەرەنسیزمانەکان خۆیان بە فەرەنسی دەزانن و نە ئەڵمانیزمانەکان خۆیان بە ئەڵمان دەزانن . واتا سیستەمی دیموکراسی و دەوڵەتی قانون و خۆشگوزەرانی و داننان بەوی دیدا و تۆلەرانس و بەرژەوەندی ئابوری و کولتوری ئەوروپایی هاوبەش توانیویانە لەو پێکهاتانە گەلێکی سەربەخۆ و تایبەتمەند بئافرێنێ . هەر لەم رۆژانەدا لە یادی 175 ساڵەی سەربەخۆیی و 25 ساڵەی راگەیاندنی دەوڵەتی فیدیرالدا ، زوربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەم ولاتە ( پێموایە رێژەکە زیاتر لە 90 % دانیشتوان بوو ) لە گەڵ مانەوەی بەلجیکادا بوون بەم چەشنەی ئێستای کە هەیە .

دەوڵەتی عیراق بە پێچەوانەوە نەک هەر نەیتوانیوە لە پێکهاتە جیاوازەکانی ولات گەلێکی عیراقی سەربەخۆ و تایبەتمەند پێکبێنێ ، بەڵکو بە هۆی سیاسەتی قرکردن و پاکتاوکردنی نەژادی و تالان و توند و تیژیی نەتەوەیی و مەزهەبیەوە ، رق و کینەیەکی ئەستوری وای لە دلی پێکهاتەکانی ئەو ولاتەدا دروست کردوە ، کە باوەر ناکەم بەر لە دروستبوونی عیراق بەو ئەندازەیە لە نێوان خەڵکی ئەو دەڤەرەدا لە ئارادا بووبێ . ئەوەندەی شیعە و سوننە رقیان لە یەکە مەگەر تەنها عەرەب و جو ئەوەندە کینەیان لە دلدا بێ بەرامبەر بە یەک . بەلای رێژەیەکی زۆری عەرەبی عیراقەوە و دەرەوەی عیراقەوە بە کوشتنی کورد ، مرۆڤ دەتوانێ بەهەشت بۆ خۆی مسۆگەر بکات . سۆزی تورکمان بۆ تورکیا سەد ئەوەندەی عیراقە .

خەڵکی عیراق تەنها بە ناچاری لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتدا ماونەتەوە. دەنگدانی نزیکەی دوو ملیۆن کورد بۆ سەرەبەخۆیی نیشانەیەکی زەقی ئەم بۆچونەیە . بەهەمان شێوەش عەرەبی شیعە پر بە دڵ حەز دەکەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان لە باشور

و هەندێ دەڤەری نێوەراستی عیراق دابمەزرێنن . هەرچەندە عەرەبی سوننەیە داوای عیراقێکی یەکگرتوو دەکەن بە مەرجێ تەنها خۆیان خاوەن بریار بن تێیدا.

ئەم سەرزەمینەی ئەورۆ کە بە بەلجیگا نێودەبرێ بەشێکە لە سەرزەمینە نزمەکان کە هۆڵەندا و بەلجیکا و لۆکسمبورگی ئەورۆ دەگرنەوە ( ئێستا بە بێنەلۆکس نێودەبرێ کە بریتیە لە کۆکردنەوەی پیتەکانی یەکەم و دووەمی بەلجیکا و هۆڵەندا و سێ پیتی یەکەمی لۆکسبمرگ) .

تایبەتمەندییەکی پێگەی جوگرافی و رەوتی مێژوویی و کولتوری بەلجیکا ئەوەیە کە کەوتۆتە نێوان هەردوو جیهانی جەرمانی و لاتینیەوە ، و هەمیشە لە ژێر کاریگەری کولتوری و ئاینی و سیاسی و ئابوری ئەم دوو جیهانەدا بووە. بەر لە سەربەخۆیی لە ساڵی 1830 بەلجیکا هەمیشە بەشێک بووە لە یەکێ لەو دوو جیهانە کولتوری و ئاینی و سیاسییە . بۆیەکا ئەم پێگە جوگرافی و رەوتە مێژووییە تایبتە باری فرەزمانی زمانی و فرەکولتوری کردۆتە بەشێک لە پێکهاتە و ناسنامەی بەلجیکا . لە مەشدا بەلجیکا بەدەر نیە لە گەلێ دەڤەری تری ئەوروپا و جیهان کە خاوەن پێگەیەکی جوگرافی و رەوتێکی مێژوویی هاوچەشنن . رەنگبێ سویسرا نمونەیەکی تری لە بار بێ بۆ ئەو جۆرە هەڵکەوتە جوگرافی و رەوتە مێژووییە . ئەم فرەزمانی و فرەکولتورییە لە ئەوروپا لە دوای برانەوەی شەری ئاینی و قەومی بۆتە مایەی دەوڵەمەندی و گەشەکردن . مخابن لە رۆژهەڵاتی ئێمەدا هێشتا مایەی رق و کینە و بەدگومانی و پیلانگێران و دڵەراوکێیە.

رەنگبێ یەکێ لە هۆ سەرەکیەکانی تراجیدیای کورد لەوەدا بێ کە وڵاتەکەی کەوتۆتە نێوان هەر سێ جیهانی ئێرانی و تورکی و عەرەبیەوە . هەر ئەوەشە کوردستانی کردۆتە یەکێ لە مەلبەندە فرەزمان و فرەکولتورەکانی ئەو دەڤەرە . هەڵبەتە دەبێ لێرەدا رەوتی مێژوویی تایبەتی ئەم دەڤەرە و هاوبەشیی کولتوری و ئاینی و مەرچە جوگرافیەکان لە بەر چاو بگیرێن .

تەنها جیاوازی زمان و کولتور بوو لە نێوان دەڤەرە جوداکانی بەلجیکادا کە بووە بنگەی بونیادی سیستەمی فیدیرالی دەستوریی بەو شێوازەی کە ئەورۆ لەم وڵاتەدا دەیبنین .

دەتوانین ساڵی 1585 بە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ لە مێژووی سەرزەمینە نزمەکان دابنێین . لەو ساڵەدا شاری ئەنتڤێرپن ( Antwerpen ) خۆیدا بەدەستی دۆقی پارماوە کە سەرکردایەتی سوپای ئیسپانیای دەکرد . لەو کاتەوە سەرزەمینە نزمەکان دەبن بە دوو بەشەوە . بەشی باکوری واتا هۆڵەندای ئەورۆ بەرەو گەشەکردن و سەدەی زێرینی خۆی هەنگاوی دەنێ . لە کاتێکدا بەشەکەی تری کە تا ئەو کاتە لە گەشەکردندا بوو ، دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی رەشی ئیمپراتۆریای رۆمانی پیرۆزەوە ، کە بەوتەی ڤۆلتێر نە ئیپمراتۆریا بوو و نەرۆمانی و نە پیرۆز . لەو دەمەوە ئەم دەڤەرە دەبێتە گۆرەپانی دەسەلاتی رەهای کلێسەی توندرەوی کاتۆلیکی ئیسپانی و دادگاکانی پشکنین و لە رەوتی گەشەکردن و وەدوا دەکەوێ و کۆنەپارێزی و توند وتیژی باڵی رەشیان بەسەریدا دەکێشن . ئاشکرایە کە کلێسەی کاتۆلیکی ئیسپانی دوای بەدەستهێنانی سەرکەوتن و دەرکردنی عەرەبەکان لە ئەندەلوس لە 1492 ، زۆر توندرەوانە هەڵس و کەوتی دەکرد و دوژمنایەتی هەموو پێشکەوتن و ئازادییەکی بیر و چالاکی مرۆڤایەتی دەکر . کاربەدەستانی کلێسە و لایەنگرانی پرۆتستانەکانی بەلجیکایان ناچار دەکرد بگەرێنەوە بۆ کاتۆلیکی ئەگینا یا مردن یا هەڵهاتن لە وڵات چاوەراوانی دەکردن . دەیان هەزار لەو پرۆتستانانە رۆیان کردە هۆڵەندای ئەورۆ و رۆڵێکی مەزنیان لە گەشەکردنی ئابوری و کلتوری ئەم وڵاتەدا بینی ، چونکە زوربەیان خاوەن پیشە و دەست رەنگین بوون و سەرمایەیەکی زۆرشیان لە گەڵ خۆیاندا بۆ هۆڵەندا هێنا . بە وتەی هەندێ لە مێژوونوسان شاری ئەمستەردام لە گوندێکی ماسیگرانەوە گەشەدەکا و دەبێتە ناوەندێکی بازرگانی و پیشەسازی گرنگ . هەروەها شارەکانی ئوتریخت و لەیدنیش بە هۆی ئەو کۆچەی پرۆتستانانی بەلجیکاوە گەشەدەکەن . لە کاتێکدا شارەکانی فلاندەرن و برابانت دوادەکەون و لە گۆر سەرچاوە مێژووییەکان نیوەی دانیشتوانیان لە دەستدەدەن . بەو شێوەیە باشوری سەرزەمینە نزمەکان دەبێتە وێرانگەیەکی ئابوری . هاوتەریب لە گەڵ پرۆسەی وێرانبونی ئابوریدا سیاسەتەکانیش رواڵەتی لۆکاڵی وەردەگرن و رۆژ لە دوای رۆژ روو لە ناوچەگەرایی دەکەن . کاربەدەست و سەرداره دونیایی و رۆحیەکان ناچار دەبن خۆیان تەنها بە کار و بارە ناوچەیی و بریارە بچوکەکانەوە خەریک بکەن ، چونکە پرسە چارەنوسساز و گرنگەکان لە ئیسپانیا و دوای ئەوەش لە ئوترێش ( نەمسا ) بریاریان لە سەر دەدرا . لە ئاستی کلتوریشدا باشوری سەرزەمینە نزمەکان هەبونێکی ئەوتۆی بۆ نەمابووە .

زمانی هۆڵەندی گۆشەگیری زاراوە و دیالێکتەکان دەبێ ، زمانی کارگێری زیاتر دەبێتە فەرەنسی و پرۆسەی بەفەرەنسیبوون بە بێ کۆسپ و تەگەرە تەشەنە دەکا . لە سەدەی هەژدەوە زمان و کولتوری فەرەنسی لە هەموو دەربارەکانی وڵاتانی ئەوروپادا باو بوو ، تەنانەت لە دەرباری وڵاتێکی دوورەپەرێزی وەکو رووسیادا زمان و کولتوری فەرەنسی باڵادەست بوون .

بەڵام لە سەر ئاستی خەڵک هەر زمان و دیالێکتە خۆجێیەکان باڵادەست بوون . هەر لەو کاتەوە سنورێکی زمانەوانی لە نێوان زمانەکانی فەرەنسی و هۆڵەندیدا دێتە کایەوە کە تاوەکو ئێستاش لە گەڵ گۆرانکارییەکی کەمدا لە ئارادایە . ئەم دابەشبونە بە گوێرەی ڕێکەوتنامەی ئاشتی وێستڤالیا لە 1648 بوو بە راستییەکی قانونی . ئەم ئاشتیە کۆتایی بەشەرە مەزەبیەکانی نێوان پرۆتستانت و کاتۆلیکەکانی ئەوروپا هێنا. هەردوولا گەیشتنە ئەو باوەرەی کە ناتوانن یەکدی قر بکەن بۆیە دەبێ دان بە هەبوونی یەکدا بنێن . داننان بەوی دیدا پێداویستیەکی سەرەکی هەموو پێشکەوتنێکی سیاسی و کولتوری و فیکریە ، مخابن لە رۆژهەڵاتی ئێمەدا تاوەکو ئێستا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە .

بۆ ماوەیەکی درێژ لە دوای سەربەخۆیی بەلجیکا لە ساڵی 1830 بژاردەی فەرەنسیزمان باڵادەست بوون لە ئاستەکانی دەسەڵاتی سیاسی و رۆشنبیریدا . ئەمەش تا ئەندازەیەک پابەند بوو بە باڵادەستی کولتور و زمانی فەرەنسی لە ئەوروپا لە سەردەمی رۆشنگەری و شۆرشی فەرەنسی و دەسەڵاتی ناپلیۆندا .

لە گەڵ ئەوەشدا هۆڵەندیزمانەکان هەر زوو لە دوای سەربەخۆیی کەوتنە داواکردنی یەکسانیی زمانەکان . هێشتا نیو سەدە بە سەر بەخۆیی بەلجیکادا تێنەپەری بوو ، کاتێ قانونەکانی زمان دەرکران . پێشکەوتنی ئابوری هەرێمی فلامەکان ( فلاندەرن ) دوای شۆرشی پیشەسازی هۆیەکی گرنگ بوو بۆ پێشڤەچونی ئەم داخوازیانە .

پرۆسەی بە فیدیرالی بوونی بەلجیکا پرۆسەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەن بوو و زیاتر لە سەدەیەکی رەبەقی خایاند . پرۆسەکە بە قانونەکانی زمان دەستی پێکرد . ئەم قانونانە تایبەت بوون بە زمانەکانی وڵات و رێکخستنی بەکارهێنانیان و لە ماوەی نەود ساڵدا (1873 و 1963 ) دەرکران . لە ئەنجامی ئەو زنجیرە قانونەدا هەرسێ زمانی هۆڵەندی و فەرنسی و ئەڵمانی وەکو زمانی رەسمی وڵات دانیان پێدانرا .

هەڵبەتە پرس و کێشەکانی نێوان کۆمەڵگە زمانەوانی و کولتورییە جوداکان بەو قانونانە کۆتاییان پێنەهات . چارەسەرکردنی ئەو پرس و کێشانە پێویستی بە گۆرانکاری گرنگ هەبوو لە قانونی بنگەیی ( دەستور ) وڵاتدا .

ئەو گۆرانکارییانە کە ئەنجامەکەی دامەزراندنی دەوڵەتی فیدیرال بوو لە بەلجیکا بریتی بوون لە پێنج هەنگاوی سەرەکی ریفۆرمی دەوڵەت و لە ساڵەکانی ( 1970 ، 1980 ، 1988-1989 ، 1993 ،2001 ) ئەنجامدران . لە کۆتاییدا رۆژی 14 تەمموزی ساڵی 1993 پارلەمانی بەلجیکا دەنگی لە سەر پاشایەتی فیدیرالی دەستوری بەلجیکادا و لەو رۆژەوە دەوڵەتی فیدیرال کە لە سێ هەرێمی فیدرالی ( فلامی ، والۆنی و برۆکسلی پایتەخت ) و چوار گۆمەڵگەی زمانەوانی و کولتوری ( هۆڵەندیزمان ، فەرەنسیزمان ، ئەڵمانیزمان و دووزمانیی - هۆڵەندی و فەرەنسی - برۆکسلی پایتەخت ) کەوتە ژیانەوە و بوو بە راستیەک .

ناسنامە و تایبەتمەندی ناوچەیی و کولتوریی دەڤەرەکان و بونیادی فیدیرالی هەرێمەکان ئەرکی بەرێوەبردنی دەوڵەتیان ئاسانکرد . لە یەکەمین ریفۆرمی دەستوریدا کە لە ساڵی 1970 ئەنجامدرا ، سێ دەڤەری کولتوری دامەزرێنران. ئەمە لە دیدی قانونیەوە سەرەتای پرۆسەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی بەلجیکا بوو. لە دایکبونی ئەم سێ دەڤەرە کولتوریە هەر وەکو لە ناوەکەیان دەردەکەوێ نیشانەی ئۆتۆنۆمیەکی کولتوری بوو . لە گەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ئەم دەڤەرە کولتورییانە زۆر سنوردار بوو ، بەڵام لە هەمان کاتدا وەڵامێک بوو بۆ داخوازی فلامیەکان کە داوای ئۆتۆنۆمی کولتورییان دەکرد بۆ پاراستنی زمان و کولتوری خۆیان لە بەرامبەر زمان و کولتوری باڵادەستی فەرەنسیدا .

هەر بە گوێرەی هەمان ریفۆرمی دەستوری ساڵی 1970 بناغە دانرا بۆ دامەزراندنی سێ دەڤەری ئابوری کە دەبوایە لە نێوان پارێزگا و شارەوانیەکاندا لە سەر ئاستی ئابوری چالاک بونایە . دامەزراندنی ئەم سێ دەڤەرەش وەڵامێک بوو بۆ داخوازیی فەرەنسی زمانەکانی والۆنیا و برۆکسل بۆ ئۆتۆنۆمیەکی ئابوری .

لە کاتێکدا فەرەنسیزمانەکان لە گەڵ ئۆتۆنۆمی کولتوریدا نەبوون بۆ هۆڵەندیزمانەکان چونکە ئەوە پێشی بە پرۆسەی بە فەرەنسیبوون دەگرت ، فلامیەکانیش بە هۆی باری ئابوری باشیانەوە لە گەڵ دامەزراندنی دەڤەرە ئابورییەکاندا نەبون لە وڵاتێکدا کە بۆ خۆیان زۆرینەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا .

لە ساڵی 1980 دووەم ریفۆرمی دەستوری ئەنجامدرا کە تەواوکەری ئەوەی ساڵی 1970 بوو . یەکە کولتورییەکان ( کۆمەڵگەکان کە لە سەر بنەمای زمان و کولتور دامەزران و لەمەودوا هەر بە کۆمەڵگەکان نێویان دەبەم) بوون بە یەکەی ئیداری و کۆمەڵێ دەسەڵات و ئەرکیان لە چەند بوارێکی ژیاندا گرتە ئەستۆی خۆیان . ئەمانە بە کۆمەڵگەکانی فلامی و فەرەنسی و ئەڵمانی نێونران . هەر یەک لەم کۆمەڵگایانە پارلەمان و حکومەتی تایبەتی خۆیان هەیە .

هەر بە گوێرەی ئەم ریفۆرمانە ( واتا ئەوانەی ساڵی 1980 ) سێ هەرێمی فلاندەرن و والۆنیا و برۆکسلی پایتەخت دامەزرێنران ، کە ئەمانەش پارلەمان و حکومەتی تایبەتی خۆیان هەبوو . ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی برۆکسلەوە هەبوو لە سەر کاغەز مایەوە و جێ بە جێ نەکرا ، چونکە لایەنەکان نەیتوانی لە سەر پرسەکان رێک بکەون . دوایی دێمەوە سەر ئەم باسە .
هۆڵەندیزمانەکان هەر لە سەرەتاوە پارلەمان و حکومەتەکانی کۆمەڵگە و هەرێمەکەی خۆیان تێکەڵ بە یەک کرد و یەک پارلەمان و حکومەتیان دامەزراند و لە برۆکسلی پایتەخت جێگیریان کردن . فەرەنسیزمانەکان بە پێچەوانەوە هەموو دەزگا و ئۆرگانە کۆمەڵگەیی و هەرێمیەکانیان هێشتەوە .
کاتێ کاروانی پرۆسەی بە فیدیرالیکردنی بەلجیکا بەرێ کەوت کێشەی برۆکسل بە توندی خۆی بە سەر دان و سانەکاندا سەپاند. هەرچەندە هەرێمی برۆکسلی پایتەخت وەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد ، لە ساڵی 1970 لە سەر کاغەز دامەزرا بوو ، بەڵام نەکرا جێ بە جێ بکرێ و بخرێتە ژیانەوە ، چونکە دید و بۆچونەکان لێک دوور بوون لە نێوان هەردوو کۆمەڵگەی فلامی و والۆنیدا . بۆیە پرسی برۆکسل دواخرا بۆ ریفۆرمی سێیەم کە لە ساڵی 1988 – 1989 ئەنجامدرا . لەم ساڵەدا برۆکسل کرا بە هەرێمێکی تایبەت بە نێوی هەرێمی برۆکسلی پایتەخت . ئەمیش وەکو هەردوو هەرێمەکەی دی پارلەمان و حکومەتی خۆی دامەزراند.
بە گوێرەی ریفۆرمەکانی 1988 – 1989 ئۆرگانەکانی کۆمەڵگە و هەرێمەکان دەسەڵاتی زیاتریان وەرگرت و بوار و مەودای ئەرک و کارەکانیان فرانتر بوون . کۆمەڵگەکان بواری فێرکردن و پەروەردیان ، کولتور بە واتا فراوانیەکەی وەرگرت ، و هەرێمەکانیش بواری هات و چۆ و کاروباری گشتیی . پرۆسەی بە فیدیرالیبوون بە ریفۆرمەکانی 1993 کۆتایی پێهات و بەلجیکا بوو بە دەوڵەتێکی فیدرالی تەواو . بە فەرمی دان نرا بە هەموو دەسەڵات و بوارەکانی کار و چالاکی کۆمەڵگە و هەرێمەکاندا . ئەمەش کاتێ پارلەمانی بەلجیکا دەنگی لە سەر ئەم ریفۆرمە دا لە 14 تەمموزی 1993 .
لە سەر ئەو بنەمایە بەندی یەکەمی دەستوری بەلجیکا کە جاران دەیگوت ( بەلجیکا لە ئۆستانەکان پێکدێ ) گۆردرا و بوو بە ( بەلجیکا دەوڵەتێکی فیدیرالیە کە لە کۆمەڵگە و هەرێمە فیدیرالیەکان پێکدێ ) . لەو ساتەوە دەوڵەتی فیدیرالی بەلجیکا بوو بە راستیەک .
بە دامەزراندنی سیستەمی فیدیراڵ قانون و بریارەکان وەکو جاران تەنها لە دەستی حکومەت و پارلەمانی فیدرالیدا نەمان ، بەڵکو خرانە دەستی کۆمەڵێ دەزگا و ئۆرگانی هاوکار و هاوبەش کە بە سەربەخۆیی هەر یەکەیان لە بواری خۆیدا ئەرک و کارەکان ئەنجامدەدا .
ئەو ریفۆرمانە بەلجیکایان لە دەوڵەتی یونیتێری یەک حکومەتیەوە گۆری بۆ سیستەمێکی چەند یەکەیی ئاڵۆز کە لە سێ پایە پێکدێ . لە پایەی هەرە سەرەوە حکومەتی فیدیراڵی و ئۆرگانەکانی ( حکومەت و پارلەمانەکانی ) کۆمەڵگە و هەرێمەکان دێن . ئەمانە لە سەر زەمینە و ئاستی قانونیدا هاوتا و هاوسانن . تەنها بواری کار و چالاکی و دەسەڵاتیان جیاوازە .
پایەی دووەم ( یا خوارتر) ئۆستانەکانی ولاتی کە ژمارەیان دە دانەیە داگیریان کردووە . تاوەکو ساڵی (1993 ) پارێزگاکان راستەوخۆ لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری حکومەتی ناوەندیدا بوون . بەڵام لەو ساڵە بەدواوە ئۆستانەکان لە ژێر چاودێری هەموو دەسەڵاتە باڵاکاندان ، واتا هەموو ئەوانەی لە سەر پایەی یەکەمین راوەستاون ( فیدیرالی و کۆمەڵگەیی و هەرێمی ) .
لە پایەی سێیەمین و هەرە ژێرەوە شارەوانیەکان دێن . شارەوانیەکان نزیکترین ئۆرگانن بۆ هاوڵاتیان و ئەمانیش لە لایەن حکومەتە باڵاکانی پایەی یەکەمینەوە چاودێری دەکرێن.
پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە بەلجیکا بە دوو رێچکەی هاوتەریبدا رۆیشتن . رێچکەی یەکەمیان پەیوەندی بە زمانەوە هەبوو و لە راستیدا هەموو ئەوەی پێی دەوترێ کولتور. لێرەدا کۆمەڵگەکان لە ئارادا بوون . وشەی کۆمەڵگەکان بۆ خۆی ئاماژە بەو خەڵکانە دەکات کە زمان و کلتوری هاوبەش کۆیان دەکاتەوە ( هۆڵەندیزمانەکان ، فەرەنسیزمانەکان و ئەڵمانیزمانەکان) .
رێچکەی دووەمیش بەرژەوەندییە ئابورییەکان دیانجوڵاند . دەڤەرە جوداکان کە داوای ئۆتۆنۆمی ئابوریان دەکرد ، ئەم بەرژەوەندییانەیان وەکو بەڵگە نیشان دەدا. سازکردنی سێ هەرێمەکە ( فلاندەرن ، والۆنیا ، برۆکسلی پایتەخت ) لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەدا بوو و ئەم هەرێمانە هاوچەشنی ویلایەتەکانی ئەمریکا و زەمینەکانی ئەڵمانیان .
لە تەک کۆمەڵگە و هەرێمەکاندا بەلجیکا هێشتا لە دە ئۆستان و 589 شارەوانی پێکدێ . لە گەڵ ئەو دابەشکردنەی دەسەڵات و ئەرکەکاندا حکومەتی فیدرالی هێشتا دەسەڵاتی گرنگی لە دەستدایە وەکو : کاروباری دەرەوە ، بەرگری ، دادوەری ، دارایی ، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هەندێ بواری گرنگی لەشساغیی گشتیی و کاروباری نێوخۆ . بەڵام ئەم دەسەڵاتانە ریگەیان لەوە نەگرتووە کە کۆمەڵگە و هەرێمە فیدیرالیەکان لە گەڵ وڵاتانی دەرەوەدا پەیوەندی گرێبدەن بە تایبەتی لە بوارەکانی ئابوری و بازرگانیدا .
دوای ئەو هەموو ریفۆرم و گۆرانکارییانە ئێستا بونیادی دەوڵەتی فیدیرالی بەلجیکا بەم شێوەی خوارەوەیە:

| دەڤەرە جوگرافیەکان | دەڤەری ئەڵمانیزمان | دەڤەری فەرەنسیزمان | دەڤەری دووزمانیی برۆکسل | دەڤەری هۆڵەندیزمان |
|---|---|---|---|---|
| لە سەر ئاستی فیدرالی | حکومەتی | فیدرالی | بەلجیکا | |
| لە سەر ئاستی کۆمەڵگەکان | کۆمەڵگەی ئەڵمانیزمان | کۆمەڵگەی فەرەنسیزمان | فەرەنسیزمان + هۆڵەندیزمان + کۆمەڵگەی هاوبەش . | کۆمەڵگەی هۆڵەندیزمان |
| لە سەر ئاستی هەرێمی | هەرێمی والۆن | هەرێمی برۆکسلی پایتەخت | هەرێمی فلاّمی | |
| لە سەر ئاستی پارێزگاکان | 5 پارێزگای والۆنی | هەرێمی برۆکسلی پایتەخت | 5 پارێزگای فلاّمی | |
| لە ئاستی شارەوانیەکان | 262 شارەوانی والۆنی | 19 شارەوانی برۆکسل | 308 شارەوانی فلامی | |

بە شێوەیەکی تریش دەتوانین باس لەم هەرەمی دەسەلاّت لە بەلجیکا بکەین : لە سەر ئاستی فیدرالی ( شای بەلجیکا – حکومەت – پارلەمانی فیدرالی کە لە دوو ژوور پێکدێ : ژووری نوێنەران و ژوری سیناتۆرەکان – سینات کە لای ئێمە هەندێ جار بە هەڵە بە ژووری پیران نێو دەبرێ . هیچ مەرج نیە ئەوەی ئەندامی سینات بێ پیاوێک یا ژنێکی پیر بێ ) . لە سەر ئاستی هەرێمەکانیش ( هەرێمی فلاندرن ، هەرێمی والۆن و هەرێمی برۆکسلی پایتەخت ). لە سەر ئاستی کۆمەڵگەکانیش ( فەرەنسیزمانەکان ، هۆڵەندیزمانەکان و ئەڵمانیزمانەکان و برۆکسلی پایتەختی دووزمان ) . پارێزگاکانیش دەن ( پێنجیان فلاّمی و پێنجیان والۆنی ) و شارەوانیەکان 589 شارەوانی (308 فلاّمی ، 262 والۆن و 19 لە برۆکسل ). دەڤەری ئەڵمانیزمانەکان و شارەوانیەکانی لە چوارچێوەی هەرێمی والۆنیادایە .

برۆکسل وەکو پایتەختی بەلجیکا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کۆسپێکی گەورە بوو لە بەردەم بنیاتنانەوەی دەوڵەتی بەلجیکا و دابەشکردنی دەسەلاّتدا لە نێوان کۆمەڵگە و هەرێم و پارێزگا و شارەوانیەکاندا . سەیر لەوەدایە کە دانیشتوانی برۆکسل بۆ خۆیان داواکاری زۆریان نەبوو لە مەر ئەو پرۆسەیە کە لە فلاندەرن و والونیا زۆر بە گەرمی بگرە و بەردەی لە سەر دەکرا و برۆکسل کرابووە کرۆکی پرسەکان . زۆر جار پرسی برۆکسل لە رستەیەکدا کورت دەکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە برۆکسل شارێکی فلامیە بەلاّم زوربەی هەرە زۆری دانیشتوانی فرەنسیزمانن .

برۆکسل گەورەترین شارە کە بە هۆڵەندی قسەی تێدا دەکرێ ( ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو دانیشتوانی برۆکسل دەتوانن بە هۆڵەندی قسە بکەن) ، لە هەمان کاتدا برۆکسل پێنجەمین گەورەترین شاری فرەنسیزمانە لە جیهاندا کە لە دوای پاریس ، مۆنتریال ، مارسێل و لیۆن دێ . نزیکە 30 % دانیشتوانی برۆکسل بە رەچەڵەک بەلجیکی نین (ئەمانە ئیتالی ، ئیسپانی ، تورک ، مەغریبی ، یۆنانی و کۆسۆڤۆیی ...تادن ) . ئەمانە کرێکارە میوانەکان و نەوەکانیان و پەناهەندە و ئەو بیانیانەن کە لە دەزگا و ئۆرگانەکانی یەکێتی ئەوروپا کار دەکەن . لە هەر دە منداڵ کە لە برۆکسل دێنە دونیاوە چواریان لە باوک و دایکی بیانین .

لە ساڵی 1900 و بە بریاری سەرۆک شارەوانی ئەو دەمەی برۆکسل نێوی شەقام و کۆلاّن و گۆرەپان و دەزگاکان بە هەردوو زمانی هۆڵەندی و فەرەنسی دەنوسرێن . لە شاری برۆکسل مرۆڤ زۆر بە ئاسانی هەست بە بالاّدەستیی زمانی فەرەنسی دەکا .

تەمەنی برۆکسل زیاتر لە هەزار ساڵە و بەشی هەرە زۆری مێژووەکەی وەکو شارێکی برابانتی ( هۆڵەندیزمان ) بەسەر بردووە . تا کۆتایی سەدەی هەژدەش زمانی هۆڵەندی تێیدا بالاّ دەست بووە . بەلاّم لە کۆتایی ئەو سەدەوە ئەو بارە دەگۆرێ . داگیرکردنی ئەم شارە لە لایەن فەرەنساوە بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک زۆر شتی گۆری و شوێنەواری بەهێزی لە سەر روخساری شار لە دووی خۆی بە جێهێشت . زمانی کارگێری تێیدا بوو بە فەرەنسی .

هەر لە بەدەستهێنانی سەربەخۆییەوە 1830 برۆکسل بوو بە پایتەخت و کاربەدەستان و ئەندامانی توێژی باڵای وڵات گوێزایانەوە بۆ ئەو شارە کە دەبێ بە جێگەی کار و ژیان و گوزەرانیان . لە کاتی راگەیاندنی سەربەخۆییدا ژمارەی دانیشتوانی برۆکسل تەنها پەنجا هەزار کەس بوو . دوای کەمتر لە پەنجا ساڵ ( 1875 ) ئەو ژمارەیە خۆی دەدا لە چارەکە ملیۆنێک و لە ساڵی 1914 ژمارەی دانیشتوانی برۆکسل گەیشتە سێ چارەکە ملیۆن . ئوروستوکرات و ئەندامانی چینی بورژوا و کاربەدەستان رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو فەرەنسیبوون دەچوون . لە کاتێکدا خەڵکی رەش و رووت کەمتر دەکەوتنە ژێر کاریگەری زمانی فەرەنسیەوە . دەسپێکی خوێندنی گشتیی لە ساڵی 1914 دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و هەنگاوێکی گرنگ بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو زمانە لە نێو دانیشتوانی شاردا .

هەرچەندە لە سەدەی نۆزدەمیندا قانونی زمانەکان دەرچوو بوو و سەرۆکی شارەوانی برۆکسل لە کۆتایی ئەو سەدەوە بە هەردوو زمان نێوی شەقام و کۆڵان و دەزگاکانی دەنووسی ، بەڵام تەنها لە ساڵی 1980 بە راستیی بەر بە پرۆسەی بە فەرەنسیبوون گیرا .

مۆدێلی سیاسی هەرێمی برۆکسلی پایتەخت لە سەر بنەمای دانان بە دوو کۆمەڵگەی زمانیدا هاتە کایەوە . کێشەی برۆکسل لە نێوان هۆڵەندیزمان و فەرەنسیزمانەکان بەم شێوەیە دەستی پێکرد . بۆ فلامیەکان برۆکسل شارێکی فلامی و بەشێک لە خاکی نیشتمانیان بوو ، بەڵام ببوو بە قوربانی پرۆسەی بە فەرەنسیکردن . دامەزراندنی هەرێمێکیش بۆ برۆکسلی پایتەختیش لە لایەن ئەمانەوە وا لێکدەدرایەوە کە دەبێتە هۆی سرینەوەی برۆکسل لە سەر نەخشەی فلاندەرن . پێیان وابوو ئەگەر ناچاربن دان بە هەبوونی هەرێمێکدا بنێن ، ئەوا دەبێ ئەو هەرێمە فراوان نەبێ . چونکە هەبوونی هەرێمی فیدیرالی فراوان لە دەروبەری برۆکسل کە هەمووی خاکی فلاندەرنە ، لەو هەرێمەش هەڵبەتە زمانی فەرەنسی باڵادەست دەبێ ، بە بۆچوونی فلامیەکان تەنها یەک واتای هەبوو ، ئەویش پەرەدانە بە پرۆسەی بەفەرنسی کردنی ناوەچە و دەڤەری زیاتر لە سەر حیسابی فلاندەرن و دانیشتوانەکەی . هەروەها ترسیان لەوەش هەبوو کە دامەزراندنی هەرێمی پایتەخت دەتوانێ ببێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگیی لە نێوان هەردوو کۆمەڵگەدا و زۆر رێی تێدەچێ هەردوو هەرێمە فرەنسیزمانەکە ( والۆنیا و برۆکسل ) لە دژی تاقە هەرێمە هۆڵەندیزمانەکە رابوەستن .

هەرچی فرەنسیزمانەکانیش بوو بە پێچەوانەوە برۆکسلیان بە شارێکی فەرەنسیزمانی دادەنا و پێیان وابوو کە مافی بەرێوەبەرایەتی شارەکە دەبێ هەر بە دەستی ئەمانەوە بێ ، بە تایبەتی لە سەر ئاستی شارەوانیەکان ، چونکە زوربەی دەنگدەران فرەنسیزمانن .

لە سەرەتای هەفتاکانەوە کاتێ بریاری دامەزراندنی هەرێمەکان درا ، فەرەنسیزمانەکان بە گشتی و ئەوانەی برۆکسل بە تایبەتی داوای دامەزراندنی هەرێمێکی ناوەندییان لە برۆکسل دەکرد ، کە هەردوو کۆمەڵگەکە بگرێتە خۆی ، بەڵام ئامادە نەبوون ئەو هەرێمە دووزمانە بێ و هەردوو کۆمەڵگەکە ( واتا هۆڵەندیزمان و فەرەنسیزمانەکان ) وەکو یەک لە ئۆرگانەکانی ئەو هەرێمەدا نوێنەرایەتیان هەبێ و هەردوو زمانەکە هاوشان و یەکسان بەکار بهێنرێن .

کێشەی برۆکسل رەهەندێکی تریشی هەبوو ، ئەویش ئەوە بوو کە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت و چالاکی ئابوری کەرتی تایبەت بوو . لە کۆتایی شەستەکانەوە پرسی برۆکسل بوو بە بابەتی باس و بگرە و بەردە لە میانەی پرۆسەی ریفۆرمی دەستوری و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەوڵەتدا .

ئەو کاتە زیاتر والۆنەکان داوای دامەزراندنی هەرێمی کارگێریان دەکرد. لە کاتێکدا فلامەکان تەنها داوای ئۆتۆنۆمی کولتوریان دەکرد ، چونکە پێویستیان بەوە نەبوو پرۆسەی بریاردران بەلۆکاڵ بکەن لە دەوڵەتێکدا کە بۆ خۆیان زۆربەی دانیشتوانی پێکدێنن .

لە گۆرانکارییە دەستورییەکانی ساڵی 1970 بەندی 107 لە دەستور زیادکرا کە دەقەکەی دەڵێ ( بەلجیکا سێ هەرێم دەگرێتە خۆی : هەرێمی فلامی ، هەرێمی والۆنی و هەرێمی برۆکسل...) و هەر ئەو مادەیەش باس لە چۆنێتی دیاریکردنی دەسەڵاتی ئەو هەرێمانە و ئەرک و ئۆرگانەکانیان دەکات . دارشتنی برگە قانونیەکە بەدڵی زۆر کەس نەبوو و فسە و باسی زۆری هەڵدەگرت . بەگشتی بوونی سێ هەرێم وەکو پرینسپ قەبوڵ کرا بەڵام لە بارەی نێوەرۆک و پرس و کێشەکانەوە یەکدەنگی بەدەست نەهات . تەنها بریار کە جێگیر بوو ئەوە بوو کە دەبوایە ئەندامانی ئۆرگانە هەرێمیەکان لە رێگەی هەڵبژاردنەوە ببن بە ئەندام . ئەمەش ئەو راستیەی دەردەخست کە ئەم هەرێمانە یەکەیەکی کارگێری ئاسایی نین . جێ بە جێکردن و پرکردنەوەی نێوەرۆکی مادەی 107 کارێکی درێژخایەن بوو و نەفەسی درێژی ویست بە تایبەتی ئەو لایەنەی پەیوەندی بە برۆکسلی پایتەختەوە هەبوو . هەر لە ساڵی 1970 قانونێکی تایبەت دەبارەی دەزگاکانی پلاندانان و نامەرکەزیی ئابوریش دەرکرا . لە رێگەی ئەم قانونەوە دەزگاکانی کەڵک وەرگرتن لە کانزاکان و نوسینگەی پلاندانان و ئەنجومەنی ئابوری و رێکخراوی گەشەکردنی هەرێمەکان دامەزران . بیر لەوە کرایەوە کە بۆشایی کارگێری روو نەدا ئەگەر دامەزراندنی هەرێمی برۆکسلی پایتەخت تەگەرەی تێکەوت ، هەر وەک لە راستیدا روویدا . بۆیە ئۆرگانێکی قانونی کە نوێنەرایەتی دانیشتوانی پایتەختی دەکرد لە ئارادا بوو و ئەرک و دەسەڵاتی هەر 19 شارەوانیەکەی برۆکسلی

بەجێ دەهێنا . ئەم دەزگا قانونیە ئەو ئەرکانەی لە  برۆکسل گرتە ئەستۆی خۆی تاوەکو ساڵی 1989 ، کاتێ حکومەتی هەرێمی بروکسلی پایتەخت ئەو ئەرک و دەسەڵاتانەی لیوەرگرتەوە. گرنگترین ئەو ئەرکانە ئەمانە بوون : پرسەکانی زەوی و زار ، هات وچۆ ، ئاسایش ، لەشساغی ، کاروباری گشتیی و گەشەی ئابوری . ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی بروکسل لە سەر بنەمای هەردوو زمان دابەش ببوون . ئەم ئەندامانە لە 21 نۆڤەمبەری 1971 هەلبژێردرابوون بۆ ئەنجومەنی پرۆکسل.

ئەو ئەنجومەنە دوو کۆمسیۆنی کلتوریشی لە پاڵدا بوو یەکێکیان بۆ هۆڵەندیزمانەکان و ئەوی دیشیان بۆ فەرەنسیزمانەکان . ئەندامانی ئەم دوو کۆمسیۆنە لە لایەن هەردوو گروپی نێو ئەنجومەنەکەوە هەڵبژێردران . ئەم کۆمسیۆنانە پرسەکانی پەروەردە و فێرکردن و کولتوریان بە جێ دەهێنا . لە دواییدا ئەم ئەرکانە خرانە پاڵ کۆمیتەی وەزاریی هەرێمی بروکسلی پایتەخت کە لە وەزیرێک و دوو جێگری وەزیر پێکدەهات و تەنها لە بەردەم پارلەمانی وڵاتدا بەرپرسیار بوون .

بە گوێرەی قانونی 8 ئابی 1980 کە دەزگاکانی هەرێمەکانی وڵاتی رێکدەخست بە یەک وشە باسی هەرێمی بروکسل نەکرا چونکە ئەو کاتە هێشتا رێکەوتنی سیاسی لە سەر ئەم هەرێمە نەهاتبووە دی . بۆیە هەر بە هەمان شێوەی جاران بەرێوە دەبرا . ئەمەش کاردانەوەی نەرێنی لە سەر باری ئابوری و گەشەکردن و کارگێری بروکسل هەبوو . لەم ماوەیەدا دید و بۆچونی فرەنسیزمان و هۆڵەندیزمانەکان زیاتر لە یەک دوور دەکەوتنەوە و جیاوازیەکان قوڵتر دەبوونەوە . هەرچەندە زوربەی پارتە فلامیەکان بەندی 107 ساڵی 1970  قەبوڵ بوو ،  بەڵام ئامادە نەبون دان بەوەدا بنێن کە هەرێمی بروکسلی پایتەختیش هاوتا بێ لە گەڵ هەردوو هەرێمەکەی تردا و هەمان دەسەڵات و کەسایەتی قانونی هەبێ . لایەنەکان زیاتر ئەوەیان پەسەند بوو کە هەرێمی بروکسلی پایتەخت لە لایەن حکومەتی فیدیرالی یا هەردوو کۆمەڵگەوە بەرێوە ببرێ . فەرەنسیزمانەکانیش یەکدەنگ نەبوون لە مەر دوا فۆرم و بونیادی هەرێمی بروکسلی پایتەخت .

پرسی دوو زمانیی لە هەرێمی بروکسلدا یەکێ لە کۆسپە سەرەکیەکان بوو . والۆنی و فەرەنسیزمانەکانی بروکسل یەک دیدیان لەم بارەیەوە هەبوو . ئەویش ئەوە بوو کە دەبێ زمانی فەرەنسی باڵا دەست بێ و نابێ ئەوان ناچار بکرێن فێری زمانی هۆڵەندی ببن . هەرچەندە لە هەشتاکاندا چەندین پرۆژەی قانونی پێشکەش کران لە مەر جێگیرکردنی  مادەی 107 و ساڵی 1970 بە تایبەتی ئەو رەهەندەی پەیوەندی بە باری بروکسلەوە هەبوو،  بەڵام تەنها لە ساڵی 1988 پێکهاتنی سیاسی لە مەر بروکسل هاتە کایەوە . ئەم پێکهاتنە لە قانونی 12 کانونی دووەمی 1989 دا رەنگی دایەوە ، بە تایبەتی ئەو لایەنەی پەیوەندی بە دەزگا و ئۆرگان و سازییەکانی بروکسلی پایتەختەوە هەیە. لە گۆر ئەم قانونە هەرێمی بروکسلی پایتەخت لە سنوری 19 شارەوانیدا دامەزرا. هەر لە گۆر ئەم قانونە پارلەمان و حکومەتی هەرێمی بروکسلی پایتەخت دامەزران و ئەرکەکانی ئەنجومەنی پێشوی بروکسل گوێزرانەوە بۆ ئەم حکومەتە . هەر بە گوێرەی ئەم قانونە کۆمسیۆنی هاوبەش لە نوێنەرانی هەردوو کۆمەڵگەکە سازکران بۆ راپەراندنی ئەرکە هاوبەشەکان . واتا ئەم قانونە کەسایەتی قانونی هەرێمی بروکسلی پایتەخت و سنور و دەسەڵات و دەزگا و ئۆرگانەکانی بە تەواوی دیاری کرد .

هەرێمی بروکسل تەنها شاری بروکسل و دەورو بەری دەگرێتەوە کە بە سەریەکەوە رووبەرەکەی دەکاتە ( 162) کم2 . ئەم شارە لە 19 شارەوانی پێکدێ . شارەوانیش نەک تەنها لە بروکسل بەڵکو لە وڵاتانی دیموکراسی و لیبرالدا گرنگترین یەکەی دەسەڵات و کارگێرین و راستەوخۆ لە لایەن دانیشتوانەوە هەڵدەبژێردرێن .

رەنگبێ لە بواری شارەوانیەکاندا مرۆڤ بتوانێ کەڵک لە ئەزمونی بروکسل وەربگرێ بۆ ئەوەی گروپە جیاوازەکانی شاری کەرکوک بتوانن زمان و کولتوری خۆیان بپارێزن و لە بەرێوەبەرایەتی شارەدا بەشداری بکەن .

دانیشتوانی بروکسل بە پرۆسەیەکی سروشتی و بە هۆی باڵادەستیی کولتور و زمانی فەرەنسیەوە زمانی زوربەیان لە ماوەی چەند سەدەیەکدا بووە بە فەرەنسی . هەرچەندە بۆ ماوەیەک دان بە زمانی هۆڵەندیدا وەکو زمانێکی هاوسان و هاوتا نەدەنرا ، بەڵام هەر لە دوای سەرەبخۆییەوە پرۆسەی دانان بە زمانەکانی وڵاتدا دەستی پێکرد و قانونی زمان دەرکرا و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەردوو زمانی فەرەنسی و هۆڵەندی لە بروکسل بەکاردەهێنران . قەت هۆڵەندیزمان ناچار نەکراوە بروکسل بەجێ بێڵێ ، باسی دەرکردن هەر ناکرێ .

لە کاتێکدا حکومەتی عیراق لە دوای دامەزراندنێوە بە ماوەیەکی دەستی بە پرۆسەی بەعەرەبکردنی هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە کردووە و لە هەموو ئەو پەیمانانەی کە لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بە کورد درابوون و حکومەتی عیراقی مۆری کردبوون پاشگەز بۆتەوە و تەنگ و چەڵەمەی زۆری لە بەردەم فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردیدا دروست کرد و لە گەڵێ دەڤەری کوردستان رێگەی نەداوە منداڵانی کورد پێی بخوێنن . ئێستاش زوربەی عەرەب پێی قوت نادرێ کە کوردی ببێ بە یەکێ لە هەردوو زمانە فەرمیەکەی عیراق .

له کەرکوکدا سیاسەتی بە تورک و عەرەبکردن و پەراویزکردن و پاکتاوکردنی کورد گەیشتوونەتە ئاستێکی ترسناک و هەرەشە لە دوا رۆژی ئەو دەڤەرە کوردستانیە دەکەن .
هەرێمی برۆکسلی پایتەخت تەنها شارێکە و رووبەرەکەی (162 ) کم2 ، لە کاتێکدا پرسی کەرکوک دۆزی پارێزگایەکە کە رووبەرەکەی ( 19543 ) کم2 ( بەر لەوەی رژێمی بەعس لەت و پەتی بکا و زوربەی یەکە ئیدارییەکانی بە سەر پارێزگاکانی تردا دابەش بکات) . بە وشەیەکی تر پارێزگای کەرکوک زیاتر لە (120 ) جار ئەوەندەی هەرێمی برۆکسلی پایتەختە و نزیکەی دوو لە سەر سێی هەموو رووبەری بەلجیکایە کە تەنها ( 32545 )کم2 .
خالێکی تری گرنگ ئەوەیە کە برۆکسل پایتەختی ولاتە و هۆلەندیزمانەکان کە بە شاری مێژوویی خۆیانی دەزانن کردویانەتە نێوەندی حکومەت و پارلەمان و هەموو دەزگا و ئۆرگانە سەرەکیەکانی خۆیان . بە هەمان شێوەش فەرەنسیزمانەکان لە تەک بالادەستیی زمانی فەرەنسیدا ، دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی و چەندین دەزگا و ئۆرگانی خۆیانیان لە برۆکسل جێگیر کردووە .
کەرکوک نە پایتەختی عیراقە و نە لە نێو خاکی نیشتمانی عەرەبدایە و نە دانیشتوانی بەشێوەیەکی سروشتی لە ماوەی یەک دوو سەدەدا بوونە بە عەرەبیزمان وبە پرۆسەیەکی سروشتی روخساری گۆراوە . حکومەتی عیراق بە بەرچاوی هەموو دونیاوە روخساری کەرکوکی بە زۆر گۆریوە بە سەدان هەزار عەرەبی هێناوەو نیشتەجێی کردوون و لە بەرامبەردا کوردی دەرکردووە و دەستی بە سەر زەوی و زار و خان و بەرەیاندا گرتووە .
بەرژەوەندی ئابوری خەلکی بەلجیکای بە شێوەیەک بە یەکەوە گرێداوە کە نەک تەنها جیابونەوەی کردۆتە کردەوەیەکی مەحالٚ ، بەلکو برۆکسل بێجگە لەوەی پایتەختی بەلجیکایە بۆتە پایتەختی یەکێتی ئەوروپاش . هیچ یەکێ لەم مەرجانە لە کەرکوکدا ئارادا نین بۆ ئەوەی زەمینە بۆ مۆدێلی برۆکسل خۆش بکەن .
سەرباری هەموو ئەمانە و لە هەمووی خراپتر ئەوەیە ، کاتێ کورد باس لە مۆدێلی برۆکسل دەکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک ، ئەوا یەکسەر کەرکوک دەخاتە دەرەوەی سنوری کوردستانەوە . چونکە هەرێمی برۆکسلی پایتەخت وەکو روونمان کردەوە هەرێمێکی فیدیرالی سەرەبخۆیە و هاوتا و هاوسانە لە گەلٚ هەردوو هەرێمەکەی تری بەلجیکادا .
لە بەر ئەمانە و دەیان هۆ و فاکتەری تر کە لای زوربەی خوێنەرانی کورد ئاشکران و پرسی برۆکسل و کەرکوک لێک جودا دەکاتەوە ، مۆدێلی برۆکسلی پایتەختی بە هیچ شێوەیەک بە کاری کەرکوک نایە . تەنها چارەسەر کە دادی کەرکوک دەدا گەرانەوەیەتی بۆ کوردستان .
هەلبەتە بۆ گەیشتنی گروپە ئەتنیکیەکانی شاری کەرکوک بە مافە کولتوری و زمانەوانی و سیاسیەکانیان دەکرێ کەلک لە ئەزمونی بەلجیکا و دەیان ولاتی تری دونیا وەربگرین .

- ) سەرچاوەکانی ئەم وتارە جۆراوجۆرن . بەلام لە هەمووی زیاتر کەلک لە سایتەکانی دەولەتی فیدیرالی بەلجیکا لە سەر تۆری ئینتەرنێت وەرگیراوە : ( www.belgium.be ) ، ( www.rbe.irisnet.be ) ، ( www.brussel.be) ، (www.vub.ac.be ) .
- بۆ هەندێ رووداوی مێژووییش کەلک لەم کتێبە وەرگیراوە : Geert van Istendael , Het wakker worden Belgisch in een anderlabyrint land , Geheel herziende uitgave, Amsterdam 1997 pp 22- 29
- بێجگە لە هەندێ وتاری رۆژنامەوانی کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی هۆلەندا و بەلجیکا بە بۆنەی 175 سالەی سەربەخۆیی بەلجیکاوە و 25 سالەی دامەزراندنی دەولەتی فیدیرالەوە بلاو کراونەتەوە.